لە لەندەن، ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council) لە دوو نووسینگەوە خزمەتگوزاری دەستەبەر دەکات. یە (ئە) گەر لە یەکێک لە ناوچەکانی West London دەژیت (Brent, Ealing, Hammersmith & Fulham, Harrow, Hillingdon یان Hounslow) تکایە ئەم نامیلکەیە بخوێنەوە. وردەکارییەکانی چۆنیەتی (ڕێگاکانی) پەیوەندی کردن بە نووسینگەی West London ی ئێمە لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا نووسراوە.

ئێمە چی دەکەین؟

ئێمە لە خزمەتگوزاری یەک وێستە(وێستگە) (One Stop Service) دا دەتوانین یارمەتی ئەو داواکارانی پەنابەری و پەنابەرانە بدەین کە پێداویستی جۆراوجۆریان هەیە. ئێمە یارمەتی ئەوانە دەدەین:

- ئەو داواکاری پەنابەریانەی تازە گەیشتوونە ئەم وڵاتە و ئەوانەی بۆ ماوەیەک لەم وڵاتە ماونەتەوە.
- ئەو خەڵکانەی داوای پەنابەریان قەبوڵ کراوە.
- ئەو خەڵکانەی کە داوای پەنابەریان رەت کراوەتەوە.
- داواکارانی پەنابەری دەستکورت.

ئەگەر داواکارێکی پەنابەریت کە تازە گەیشتوویتە ئەم وڵاتە، ئێمە دەتوانین:

- شتی گرینگ و پێویستت پێ بڵێین سەبارەت بە رەوتی پەنابەری و ماف و ئەرکەکانت لەو ماوەیەدا کە لە بەریتانیا دەژیت، ئەمەش لەرێگەی پرۆگرامی یەک رۆژەی پێشوازی کردن (One-Day Induction).
- یارمەتیت بدەین سەرنجی ئەو رێگاچارانە بدۆزیتەوە بۆ یارمەتیدانت سەبارەت بە گوزەرانی ژیان یان شوێنی حەوانەوە و گوزەرانی ژیان.
- یارمەتیت بدەین داوای پشتگیری لە فەرمانگەی سنووری بەریتانی (UK Border Agency - UKBA) بکەیت، کە بریتیە لە لایەنی حکومی بۆ دابین کردنی پشتگیری گوزەرانی ژیان و شوێنی حەوانەوە، ئەگەر شیاوی وەرگرتنیان بیت.
- یارمەتیت بدەین کەڵک لە شوێنی حەوانەوەی سەرەتایی وەربگریت لەرێگای ناساندنت بە دابینکەرێکی خانووبەرەی گونجاو، ئەگەر شیاو بیت.
- سەبارەت بەو خزمەتگوزاریانەی کە دەتوانن یارمەتیت بدەن ئاگادارت دەکەین.

ئەگەر داواکارێکی پەنابەریت کە پشتگیری لە UKBA وەردەگریت، ئێمە دەتوانین:

- سەبارەت بەو ئاستەنگانەی لەوانەیە لەسیستمی UKBA دا تووشیان بیت یارمەتیت بدەین و هەموو گۆڕانکارییەکی بارودۆخی ژیانت بە UKBA رابگەیەنین.
- سەبارەت بە چارەسەرکردنی کیشەکانی (کێشەکانی) شوێنی حەوانەوە یارمەتیت بدەین.
- یارمەتیت بدەین ئەگەر حکومەت داواکاریت بۆ وەرگرتنی گوزەرانی ژیان و شوێنی حەوانەوە رەت بکاتەوە. تکایە ئاگادار بە کە ئەنجومەنی پەنابەران لە ئەنجامی پێداچوونەوەکە بەرپرس نیە.

ئەگەر داوای پەنابەریت رەت کراوەتەوە، ئێمە دەتوانین:

- یارمەتیت بدەین فۆرمی بڕگەی 4 (Section 4) بۆ وەرگرتنی شوێنی حەوانەوە و ڤاوچەری بژیو(بژێوی) پڕبکەیتەوە، ئەگەر شیاوی وەرگرتنیان بیت.

فەرمانگەی سنووری بەریتانیا (UK Border Agency - UKBA)

ئیدارەیەکی حکومییە و بەرپرسە لە دابین کردنی گوزەرانی ژیان و شوێنی حەوانەوە بۆ داواکارانی پەنابەری.

:

- یارمەتیت بدەین دەستت بە دەرماڵەکانی خێروبێری ژیان رابگات و سەبارەت بە خانووبەوە، خوێندن، کارکردن و چاودێریی تەندروستی ئامۆژگاریت بکەین.
- پشتگیرییەکی تاکەکەسی لەلایەن یەکێک لە کەسانی خۆبەخشکانمانت (کەسە خۆبەخشەکانمانت) بۆ دەستەبەر بکەین.

ئێمە هەروەها دەتوانین:

- کۆرسی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دابین بکەین.
- پشتگیرییەکی خۆبەخش بۆ ئەو کەسانە دابین بکەین کە لەژێر مەترسی دان.
- ئەگەر ئاستەنگێکی تەندروستیی دەروونیت هەبێت یان کەمئەندام بیت حەواڵەی دەستەی پسپۆڕت (Specialist Team) لە Brixton ت بکەین، یان ئەگەر کاتێکی چاوپێکەوتنت بۆ وەربگرین بۆ ئەوەی چاوت بە فەرمانبەرێکی تیراپۆتیک (چارەسەرکەر) بکەوێت و عیادەی دەستەی پسپۆڕی ئێمە هەموو دوو هەفتە جارێک ساز دەبێت.
- یارمەتیت بدەین کەڵک لە پرۆگرامی پشتگیریکراوی گەڕانەوە و سەقامگیر کردنەوەی ئارەزوومەندانە Voluntary Assisted Return and Reintegration (Programme - VARRP) وەربگریت.
- سەبارەت بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی پەنابەران یان فەرمانگەکانی تر کە پشتگیریی درێژخایەن دابین دەکەن زانیاریت پێ بدەین.

Kurdish (Sorani)

ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council) لە West London چۆن دەتوانێ یارمەتیت بدات؟

ئەنجومەنی پەنابەران ڕێکخراوێکی خێرخوازی سەربەخۆیە کە ئەزموونێکی چەند ساڵەی لەبواری کارکردن لەگەڵ پەناخوازان (داواکارنی پەنابەری) و پەنابەراندا هەیە. ئێمە بۆ دابین کردنی پێداویستەکانت چەندین خزمەتگوزاری بەخۆڕایی بە چەندین زمانی جۆراوجۆر دەستەبەر دەکەین

REFUGEE COUNCIL

چۆن دێیە لامان:

Refugee Council (West London)
Units 4 & 5, Hounslow Business Park
Alice Way
Hounslow, Middlesex TW3 3UD
تەلەفۆن: 020 8607 6888
www.refugeecouncil.org.uk

وێستگەکانی قیتاری ژێرهەردی (زەوی) Hounslow Central و Hounslow East (Piccadilly Line)

وێستگەی قیتار: Hounslow

پاس: 110 و 111 لە Hounslow East وە دەتباتە Alice Way لەسەر (Hanworth Road)



REFUGEE COUNCIL

OISC
No: N200100132

Community Legal Service

British Refugee Council (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No. 2727514] and a registered charity, [No. 101445776]
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom, VAT reg no: 936 519 988

ئەگەر پێویستیت بە ئامۆژگاریی یاسایی بێت

ئێمە ئامۆژگاری یاسایی و نوێنەرایەتی یاسایی دەستەبەر ناکەین بەڵام دەتوانین سەبارەت بە شیاوبوونت و شرۆڤەکردنی یاساکان ئامۆژگاریت بکەین. ئەگەر نەتوانین یارمەتیت بدەین، ئەوا وردەکاری(ڕێگاکانی) پێوەندی کردن بە نوێنەرانی یاساییت پێدەدەین یاخود بۆ لای ئەوانت دەنێرین.

چۆن کەڵک لە خزمەتگوزاریەکانی ئێمە وەردەگریت

دەتوانی لە ڕۆژانی دووشەم، سێ شەم، پێنج شەم و هەینی لە نێوان کاتژمێر 9 ی بەیانی و 5 ی ئێوارە سەر لە نووسینگەی ئێمە بدەیت. ڕۆژانی چوارشەم لە 9.30 ی بەیانی تا 1.30 ی دوای نیوەڕۆ کار دەکەین.

کاتێک سەرمان لێ دەدەیت هەموو ئەو بەڵگەنامانەی پێوەندییان بە پرسیارەکەتەوە هەیە لەگەڵ خۆت بێنە.

تکایە سەرنج بدە: ئێمە لە ڕۆژێکدا دەتوانین چاومان بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە سەردانکەران بکەوێت، هەر بۆیەش لەوانەیە داوات لێ بکەین ماوەیەک چاوەڕوان بیت یاخود دواتر بگەڕێیتەوە.

ئەگەر دەتەوێت گازندەیەک سەبارەت بە هەر لایەنێکی خزمەتگوزاری ئێمە ئاراستە بکەیت، تکایە داوای پرۆسەی گازندە و فۆرمێکی گازندە کردن بکە. هەموو گازندەیەک بە وردی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.

موتەرجم (وەرگێڕ)
ئێمە لە شوێنی کارکردنماندا موتەرجم و کارمەندمان هەن کە دوو زمان دەزانن و دەتوانن لەبارەی زمانەوە یارمەتیت بدەن.

وەرگێڕاوی نامیلکەکانی ئەنجومەنی پەنابەران لەسەر ئەم ماڵپەرە دەست دەکەوێت: http://languages.refugeecouncil.org.uk

Published in February 2009